# ڕەنگی لێوت بەپێی ڕەنگی پێیستت هەڵبژێرە

زۆربەی ئافرەتان بەهۆی ناشارەزایی لە ڕەنگی پێستی خۆیان، دەچن ڕەنگێکی هەڵە بۆ بۆیە و سووراوکردنی لێویان هەڵدەبژێرن، بەم هۆکارەش جوانی لێو و رووخساریان دەشێوێنن و نەشیاوی دەکەن.

پسپۆڕێکی جوانکاری بە ناوی (عەبیر ساد) دەڵێ: لێو، بەشێکی سەرەکییە لە جوانیت، بۆیە دەبێ هەڵبژاردنێکی دروستی بۆیە و سووراوی لێو بەپێی ڕەنگی پێستت دیاری بکەیت، ئەگینا جوانیت لە دەست دەدەیت.

بەم چەند ڕێگەیە شارەزای ڕەنگی پێستت و جۆری سووراوەکەت بە :

- پێستی سپی و کراوە: ئەوانەی ڕەنگی پێستیان کراوەیە و سپیە، پێویستە ڕەنگەکانی لێوی ڕەنگی گوڵ و بێجی ئاچوغ و نیۆد هەڵبژێرن، هەروەها ڕەنگە تۆخەکانیش وەك: سوور و پرتەقاڵی و بریقەش دەکرێت بەکاربهێنرێت.

- پێستی ئەسمەر: ئەوانەی ڕەنگیان ئەسمەرە و پێویستیان بە ڕەنگەکانی نیۆد و گوڵی تۆخ و سووری تۆخ بۆ لێویان دەبێ، هەروەها ڕەنگی نەرم و هێمنیش دەکرێت وەك: پەمەیی، بێجی تۆخ، بەڵام دەبێ ڕەنگی لێوت تێکەڵی ڕەنگی ماکیاژت نەبێت.

- پێستی گەنمی: ئەوانەی ڕەنگی پێستیان نێوان سپی و ئەسمەرە، کە بە گەنمی ناسراوە، پێویستە ڕەنگەکانی سووری نەرم و پەمەیی تۆخ و قاوەیی بۆ لێویان هەڵبژێرن، هەروەها دەشتوانن پرتەقاڵی و بێجیش لە لێویان بدەن.





# ئاشنای مۆد و شێوازەکانی جینز بە

شێوازی جلوبەرگ، لەسەر مۆدی تازە ڕێگە دەگرن و بەرەو ئەو مۆدانە دەچن کە خواست و ویستی خانمانیان لەسەرە، زۆربەشیان بە دوای جلەکانی کاسواڵ و مۆدەدا وێڵن و هەردەم حەز بە جۆرە جلێك دەکەن و پێیان خۆشە لە هەموو شوێنێك ئەو جلە بپۆشن، جینز یەکێکە لەو جلانەی کە هەمیشە بە بەشی سەرەوە، یان خوارەوە، خوازراوە لەلایەن خانمانەوە، چونکە لەبەرکردنی خۆشە و جەستەش جوانتر نیشان دەدات، لێرەوە ئاشنای ئەو شێوازانە بە کە بۆ جینز دانراون:

- قەمیسی جینز لە ڕەنگی ئاسمانی و لەگەڵ پانتۆڵی جینزی ڕەش یان شەکەری، لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرز و جانتایەکی ڕەش زۆر پێکەوە گونجاون .
- مۆدێکی دیکەی جینز، چاکێتی دەنیم بە نەخشی (نیمچە شاراوە – Patchwork) لەگەڵ تەنوورەیەکی جینزی کورت و قەمیسی سپی، هەروەها پێڵاوی پێست و جانتای قوماش جینز.
- پانتۆڵێکی جینزی ڕەنگ سوور و کەمەر بڵند، لەگەڵ بلووزێکی پەمووی سپی و پێڵاوێکی سپۆرت، بۆ کاتی سەردان و گەشت بەکاردێت.
- پانتۆڵێکی جینزی دەنیم، واتە ئەوەی بە شێوازی بۆڕی ناسراوە، لەگەڵ قەمیسێکی هێڵکاری ڕەنگاوڕەنگ و پێڵاوێکی فەرمی و کەسایەتی بەرز لەپێی بکە.
- هەروەها دەتوانی تەنوورەیەکی شێواز یەکسان – عەدل و بلووفەری نیمچە کراوەی هێڵدار و سەندڵێکی ناسك پێکەوە هەڵبژێری، تا ناسکتر نیشانت بدات.



# ئێکسسوار و تەوقەکانی پرچ بەستن

هەموو ئافرەتێك بۆ بەستن و ڕێکخستنی پرچی پێویستی بە زیاتر لە ئێکسسوار و تەوقەیەك دەبێ، هەندێ جاریش تەنیا بۆ جوانکاری و سەرنجڕاکێشترکردنی قژیان، دەبێ چەند ئێکسسوارێك بە پرچیانەوە بکەن، بەڵام نابێ زێدەڕۆیی لە بەستنی ئێکسسوارەکانی پرچدا بکرێت، چونکە لەو حاڵەتەدا قژ نەشاز و نەشیاو دەبێت.

پێویستە خانمان لە وەرزی بەهاردا، گرنگی بە ئێکسسوارەکانی پرچ و قژ بدەن، بەهۆی ئەوەی مۆدی ئێکسسوارەکان باو دەبێتەوە و هەروەها هەوا و کەشی ئەو وەرزە، ئارایشتی پرچی خانمان تێکدەدات و دەیشێوێنێت، تەنانەت کچانی نمایشکاری جلوبەرگیش وەك: جیجی حەداد و کینداڵ گینەر و ئەلیساندرا ئەمبرۆسۆ، چەندین تۆقە و ئێکسسواریان بە پرچەوەیە کاتێك بەشداری لە نمایشێکی جلوبەرگ دەکەن. ئەو چەشنە ئێکسسوارانەی لەم وەرزەدا باون بریتیین لە: تەوقەی شێوەی کەزی و پان و باریك و چەماوە، هەروەها زنجیری کەوانە کە لە قوماشە، هەروەها تۆقەی موورو و کریستاڵی قاش گەورە، هەروەها ئێکسسواری ورد و تەوقەی بچووکی پلاستیك و ستیلیش، مۆدێکی باوی ئێکسسوارەکانی پرچن.






# کۆنترین ڕێگا لە جیهان

ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت کە بە ڕێگایەکدا بڕۆیت و پێت بڵێن ئەوە کۆنترین ڕێگای جیهانە تا ئێستا ماوە، بەڵام تەمەنی ئەو ڕێگایە کە ناوی (ڕۆمان کۆلۆنیال) ـە، دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر و ڕێگایەکە لە سەردەمی ڕۆمانییەکان دروست کراوە و دەکەوێتە باکووری وڵاتی جەزائیر.

ئەگەرچی زۆربەی ڕێگا کۆنەکان لە ساڵانی سەد و دواتری زایینی دروست کراون و نەماون، بەڵام ئەو ڕێگایە ئێستا لە نزیك شاری (تیمقاد)ی جەزائیرە، درێژییەکەی دەگاتە (٣٣٨٠) کیلۆمەتر واتە نزیکەی (٢١٠٠) میلە، بەهۆی ئەوەی فەرامۆش کراوە ئەگینا ڕەنگە ریزبەندی (٧) سەیر و سەمەرەکانی جیهانی بەدەستهێنابووایە و ببووایە بە (٨) سەیر و سەمەرەکەی جیهان، ئەو ڕێگایە لە وشکانی دەریای ئەتلەنتیك دەست پێدەکات و بە درێژایی ڕووباری نیل ڕێگە دەگرێت و بەرەو کیشوەری ئەفریقیا دەچێت.









## ماسی باڵۆن

هەمیشە جوانی و رەنگاورەنگی ماسییەکان مرۆڤی سەرمەست کردووە، جگە لەوەی لە نێو ئاوی دەریادا سەیریان دەکەین، زۆرێك لە خەڵکیش ماسی جوانی و زینە لە ماڵەکانیدا دادەنێن و ئارامییان بە جووڵە و مەلەکردنیان دێت، دەگوترێ نزیکەی (٢) ملیۆن جۆرە ماسی هەن، بەڵام جوانترین و سەیرترینیان ماسی باڵۆن و میزەڵانە، ئەو جۆرە ماسیە بە ناوی زانستی (balloon-fish) ناسراوە، دۆزینەوەی سەرەتایی ئەو چەشنە ماسییە لەلایەن لێکۆڵەرەوەیەکی ئوسترالی بە ناوی (فیرۆدیس نیپۆڵس) بوو، ئێستاش چەندین نموونەی جۆراوجۆری لە تاقیگەکەی هەڵگرتووە، تەنانەت هەندێکیشی بۆ فرۆشتن داناوە کە نرخی هەر ماسییە باڵۆنێك بە (٢٢) دۆلارە، جەستەی ئەو ماسییە وەك میزەڵان وایە، کە خڕ و پڕە لە شێوەدا، لە پێکهاتەش بڕێکی زۆری گۆشت لە خۆ دەگرێت، بەم چەشنە ئەو جۆرە ماسییە لە جووڵ و راکردندا هێواشە، هەر بۆیە نێچیرێکی ئاسانە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ راوی بکەن و بیگرن.




## شێری رەنگ سپی!

هەردەم زانیومانە کە رەنگی شێر و پڵنگ زیاتر لە رەنگی زەرد و بە خاڵ و هێڵی رەشەوەیە، تەنانەت رەنگی چەند جۆرە شێرێك لە رەنگی زەردی تۆخ و ئاچوغن، ئەی ئەگەر شێرێکی سپی بەرچاوت کەوت، ئەوکاتە پێویست ناکات سەرسام بیت، چونکە لە دواترین لێکۆڵینەوە و گەڕاندا، شێری سپیشیان دۆزییەوە، ئەو جۆرە شێرە لە ساڵی (١٩٢٨) دۆزرایەوە و کەچی دڵنیا نەبوون لە رەنگەکەی، دواتر لە ساڵی (١٩٧٠) لە کتێبەکەی (کریس ماکبراید- Chris McBride)، باس کراوە، ناوی شێری سپی بریتییە لە (ئەلبیینۆ – Albino)یە، لە ناوچەی (تیمباڤاتی) لە باشووری ئەفریقیا دۆزراوەتەوە، ژمارەیان تەنیا نزیکەی (٣٠٠) دانەیەك دەبێت، هۆکاری رەنگی سپی ئەو شێرە، بۆ پێکهاتەی جیناتی زاوزێیانە و بەم جۆرەش لە رێرەوی سرووشتی خۆیان لایانداوە و رەنگی لە زەردەوە بۆ سپی گۆڕاوە، تا ئێستا رێگە نادەن هیچ جۆرە شێرێکی دیکەی جگە لە سپی نزیکی ئەو کۆمەڵەیە بکەوێتەوە، مەبەستیشیان پارێزگاری کردنە لەو شێرە سپییانە، هەروەها راوکردن و کوشتنیشی قەدەغەیە.

# جلی بەتانی و لێف دەرکەوت!




جلی لێف داهێنانێکی تازە و بەسوودە، ئەو جلە تازەیە کە بـۆ دەرەوە و ماڵـەوە لەبـەر دەکرێت، دەتوانیـت لە ماڵەوە وەك پێخەفـی خەوتـن بـە خۆتیدا بدەیت، لەو کاتـەی لە خەویش هەڵدەستی، دەتوانی بە هەمان ئەو جلەوە بێتە دەرەوە، هەمان شێوەی جلوبەرگی هەیە، ئەو کارە بیرۆکەی (گۆری ئان)ـە و بە ناوی جلی لێفی (سۆڤیت-Suvet)ی ناساندووە. قـەدی جلـە لێفەکـە تێکناچـێ و بـۆ مـاڵ و دەرەوە لەبـەر دەکرێت، (سـوزان کانوون)، ئەو ئافرەتەیە کە ئەو جلە لەبەر دەکات، دەڵێ: بەیانیان هەر بەو جلەوە دەڕۆمە سەر کارەکەم و کەسیش گلەیی لێنەکردووم و سوودم لێی بینیوە.



## پەند و وتە

- پەندێکی کوردی هەیە باس لەوانە دەکات کە لە نێو جەنگ و شەڕدا نین و خۆیان بە ئازا دادەنێن، کە دەڵێ: ئەوەی لە شـەڕدا نەبێ شـیری تیژە! لەلایەکی دیکـەوە ناپلیـۆن بۆناپارت-یـش دەڵـێ: چەندە ئاسـانە باسـی ئازایەتی بکەیت، کاتێك خۆت لە گۆڕەپانی جەنگ دوور بیت.



## نـوکـتە

- یەکێکی نەفام تازە ئۆتۆمبێلی دەهاژوژت، لە ناکاو لە دوو کەسـی دا و یەکێکیان مرد و ئەوەی دیکەش بریندار بوو، بەردەوام هاواری دەکرد، شوفێرەکەش بە برینداره‌کە دەڵێ: بۆ هاوار دەکەی و ئەوە وا مردووە قسە ناکات!

## تابلـــۆ



- شانشینی ئاشتی

بیرۆکەیەکـی جوانـی سرووشـتی وتارێـژ و وێنەکێشـی ئەمریکـی (ئێدوارد هیکس)ـە کـە لـە سـاڵی (١٧٨٩) لە ئەمریـکا لەدایکبووە، بیرۆکەکانی بریتیی بوون لە کێشـانی تابلـۆ و وێنـەکان کـە لـە ڕەواڵـەت و سرووشـتێیکی خەیاڵی ڕاستەقینەدا لە بیر و باوەڕی هەڵدەقولا، وەك ئەو تابلۆیەی کـە لـە سـاڵی (١٨٣٤) کێشـاوە. وێنەکە بـە درێژی (٩٠) سـەنتیمەتر و پانی (٧٦) سـەنتیمەترە، تابلۆیەکی زەیتییە و ئێستا لە گەلەری نیشتیمانی لە ئەمریکا پارێزراوە، ئێدوارد هیکس لە ساڵی (١٨٤٩) کۆچی دوایی کردووە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چـاو لـە ڕابـردوو مەکـە و هەمیشـە بـەرەو ئاسـۆی داهاتـووت کار بکـە. دڵتەنگیـت پێوەنـدی بـە کەسـانی دیکـەوە نییـە و لەلایـەن خۆتـەوە چارەسـەری بکـە. ئەو ڕابـردووەی کـە دەمێکە دەتەوێـت لەبیر خۆتـی ببەیتەوە، ئەمجارەیـان بەرۆکـت بەردەدات و لێـت دوور دەکەوێتەوە و زیاتر یارمەتی کەسانی نزیکت بدە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسـێکی سـادە و ساکار بە لە ڕەفتار و کردەوەت و هەمیشـە پشـتی ئەوانە بگرە کە هەست بە ونکردنی خۆیـان دەکـەن و هـەوڵ بدە ڕێگەیان نیشـان بدەیت. ئـەو کەسـەی لـە دڵتە هەمیشـە بەرژەوەنـدی تۆی دەوێ، بـەڵام جـار جـار تووشـی کێشـەت دەکات، پێویستە خۆت یارمەتی خۆت بدەیت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کێشـەکانت مانـای ئـەوە نییە کە بە هەڵـە کارەکانت ئەنجام داون، زۆربـەی جـار هەوڵـەکان ناگـەن بـەو ئەنجامـەی خـۆت دەتەوێت. دڵنیابـە داهاتووت بەرەو باشی دەچێ، بەم زووانە چەند هەڵوێستێکی کەسانی دیکـەت بـۆت دەردەکەوێـت و بـە دڵت نابـن، هەوڵ بدە لێیان دوور بکەویتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بڕیارەکانـی ڕابـردووت ئەنجامێکـی گـەورەیـان بـۆت هێنایـەدی، ئـەو هەوڵانـەی ئێستاشت بەرەو داهاتوویەکـی باش دەچێ. کارێك مەکە کەسـانی دیکە پێی بێزار و نارەحەت بن. پێویسـتە زیرەکانە لە داهاتووی خۆت بڕوانیت بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر ژیانت نەبێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئەوانـەی لەگەڵت هاوسـۆز و هـاوڕان جێگەیان لەلای خـۆت بکەرەوە و لە دەسـتیان مـەدە، چونکە ئەگەر لێت دوور بکەونەوە لە داهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە. ماوەیەکە سەردانی کەسانی دەوروبەرت کەم کردۆتەوە و هەمیشە دەتەوێت ئەوانی دیکە سـەردانت بکەن، ئەوە بە سوودی تۆ نییە و هەوڵ بدە کەسێکی هێمن و سادە بیت.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئـەو کاتـەی پێویسـتت بـە کەسـێکە، دڵـی مەڕنجێنـە و هاوبەشـی کێشـە و کارەکانـی بکـە. مەهێڵـە کاردانـەوەی پێشـووت کاریگـەری لـە سـەر ژیانـی ئێسـتات هەبێت. خەریکـە ئـەو ماوەیـە کارەکانـت ڕێگەی ڕاسـت دەگرن و تۆش بە شێوازێکی باشتر خۆتی بۆ ئامادە بکە، چونکە لەوانەیە تووشی سەرئێشەت بکات.







# لاسایی هەموو کارێکتەرەکان دەکاتەوە

زۆربەی خانمانی تازە پێگەیشتوو، حەز بە سەیرکردنی فیلمەکانی ئەنیمەیشن و کارتۆنی دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی باسی چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسووناوی و کچە شا و شانشینەکان دەکات، تەنانەت هەندێکیشیان جار جارە لاسایی ئەو کارێکتەرانەی نێو فیلمەکان دەکەنەوە، وەکو ئەو کچە مالیزییەی، تا ئێستا توانیویەتی لاسایی زۆربەی کارێکتەرە پاڵەوانەکانی فیلمەکان بکاتەوە، ئەو کچە ناوی (سارا سەواتی)یە و (١٨) ساڵ تەمەنیەتی تەنیا بە ڕێگەی ماکیاژکردنەوە، شێوەی خۆی وەك شێوەی زۆربەی ئەو کەسانەی نێو فیلمەکان کردووە، خۆشی بە (کچەشای لۆنا) ناساندووە، نەوەك هەر تەنیا ڕووخساری، بەڵکو جلوبەرگیشی وەکو کەسایەتییەکانی نێو فیلمەکانی لێکردووە.



# بۆ زانیاریت

- ئاو و ئاگر

ڕەنگە ئەو پرسیارە بە مێشکی زۆربەماندا هاتبێت، ئاخۆ بۆ ئاو گڕ ناگرێت، لە کاتێکدا دەتوانین ئاگر بە ئاو بکوژێندرێتەوە، هەروەها دەشزانین ئاگر بە ئۆکسجین زیاتر دەبێ و ئاویش لە ئۆکسجین و هەیدرۆجین پێکدێ، یان بۆ ئەو ئۆکسجینەی ناو ئاو ئاگر ناگرێت، تەنانەت هەیدرۆجین لە چەکی ناوکی و ئەتۆمیش بەکاردەهێندرێت، با لێرەوە وەڵامەکەی بزانین: بەهۆی ئەوەی ئاو لە دوو گەردیلەی هایدرۆجین و یەك گەردیلەی ئاو پێکدێت کە هێماکەشی ($H_2O$)یە، کاتێك لە هەر ماددەیەکی سرووشتی دوو توخم لە پێکهاتەی ماددەیەکەوە بەیەکەوە دەبن، وێڕای ئەوەی ئەو دوو توخمە پێچەوانەی یەکترن لە هێزدا، بۆیە هەر یەکە هێز و توانای یەکتری دەبەن تا ماددەکە دروست بکەن، مەبەست لەوەش هەیدرۆجینەکە ئۆکسجینەکانی نێو ئاو جێگیر دەکات و ئۆکسجینیش ناهێڵێت هەیدرۆجینەکان بە هێزی خۆیان کار بکەن، بەم چەشنەش پێکهاتەی ئاو یەکسان دەبێ لە ڕووی فیزیایی و کیمیاویدا.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاتێك ناتێگەیشتن لە نێوان خۆت و کەسانی دەوروبەرت دروست دەبێ، پێویست ناکات خۆت لە هەموان یاخی بکەیت، بەڵکو هەوڵی تێگەیشتنی دروست لە دەوروبەرت بدە و بە هێمنیء زیرەکی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە، مەهێڵە تووڕەبوونء هەڵچوون بە سەرتدا زاڵ بێت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئارەزووەکانت مانای گەورە دەبخشن و بەمەش دەبێ هەوڵی زیاتریان بۆ بدەیت، چونکە فەرامۆشکردنیان کاریگەری دەخاتە سەر ژیانت، بۆیە پێویستە لە نزیکەوە کاریان لەسەر بکەیت. ئەو کەسەی لە نزیکتە هەمیشە چاکەی تۆی دەوێت و بڕیارەکانتان با هاوشێوە بن بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەوتوو بێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتێك دەست بە کارێك دەکەی، لێی دوور مەکەرەوە و بە تەواوی بە دوایدا بڕۆ. ئەو کاتەی لەگەڵ کەسانی نزیکت دەبیت، دڵخۆش و ئارامیت پێوە دیارە، هەوڵبدە تەنیا نەبیت. ئەو ڕووداوەی ڕابردوو ماندووی کردووی، بەڵام زۆری پێناچێت بۆت ڕوون دەبێتەوە و بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بڕوا بە هەموو کەسێك مەکە کە بە ڕووکەش لەگەڵت گەشە و لە ژوورەوە نیازی پاك نییە، لە کەسانی دەوروبەرت تێبگە و بیرۆکەکانیان بخوێننەوە. هەر کاتە و لەسەر کارێك مەڕۆ، هەوڵبدە کارەکانت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەیت و کامەیان سەری گرت، پێی ڕازی بە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لاسایی کەسانی نەشیاو مەکەوە، بەڵکو دەتوانی تەنیا لە شێوازەوە چاویان لێی بکەیت، چونکە لاسایی کردنەوەی ڕەفتاریان بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە و کەسایەتیت تێکدەدات. تا ئێستا کارەکانت بە جوانی ڕێگەیان گرتووە و کاتێك کێشە و گرفت سەرهەڵدەدەن، زوو چارەیان بکە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

رامەکە لە گرفت و کێشەکان و باشترە ڕووبەڕوویان ببیتەوە و چارەیان بکەیت. کاتێك کەسێك لێت نزیکە و بەرژەوەندی تۆی مەبەستە، هەوڵی دوورخستنەوەی مەدە. بڕیارەکانت ماوەیەکە تووشی گرفتت دەکەنەوە، بۆیە جوانتر بیر بکەرەوە و ئینجا کاریان بۆ بکە.